# قەدەغەکردنی فرە ژنی لەنێوان باش‌و خراپیدا

هەوار ڕەئوف

ئەوەی زیاتر مەینەتی‌و ئازارەکانی مێینەمان دەخاتەوە بیر وروژاندنی هەستی رابردووی زۆربەی ژنانی زوڵملێکراوە، وەنەبێ تەنها لەناو گەلی کوردا سیستەمی پیاوسالاری پەیرەو کرابێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لەناو جیل‌و سەردەمێکی ئازاددا نەشونمامان کردووەو گەورەبوین لەژێر سێبەری باڵی دیموکراسیدا دەرکمان بەوە کردووە کە زۆرێك لەم ژنانە بێ هەڵوێست بوون لەبەرامبەر هەر بڕیارو یاسایەکی بێ عەدالەتدا لەلایەن ڕەگەزی نێرینەوە ئەمەش دەسەڵاتی پیاوسالاری لەقالبێکی نامرۆڤانەدا کۆدەکاتەوە، هەریەك لەمرۆڤەکان لەهەرچ جێ‌و شوێنێك بین ئازادییەکی پێ بەخشراوە، بەڵام ئەوەی ئازادییەکان ئیستیغلال دەکات دیاردەی فرە ژنی‌یە لەلایەن پیاوانەوە بەمەش لەهەموو ناوچەو شاروشارۆچکەکانی کوردستان بەم بۆنەیەو مافی ئافرەت خراوەتە لاوە بۆ خۆشکردنی ژیانی پیاوو فەراهەم کردنی ئارەزووەکانی بەهێنانی ژنی دووەم یا سێیەم یا زیاتر دەبێت بەسەر ژنی یەکەمدا، ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە لەسەردەمی باوباپیرانماندا ئەم دیاردەیە زۆرتر بوونی هەبوو ئەویش بەهۆی زۆری کارو ئیش لەو سەردەمەدا، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئێستادا ئەوا لەگەڵ کۆمەڵێك کارو پرۆژەی ناباش ئاراستەی هەردوو لایەن ژن‌و پیاو دەکرێ، چونکە بەشێوەیەك کە پیاوان لەسەردەمی زودا بۆ ئەوەی کارو گوزەرانیان بڕواتو جگە لەوەش بۆ ئەوەی ژنان هەریەکەیان واتە گەر پیاوێك خاوەنی سێ ژن بێت ئەوا هەریەکەیان کارو پیشەیەکی پێدەسپێردرێت، بەمەش ژنان شان بەشانی پیاوان یارمەتی پیشە تایبەتیەکانی پیاوانیان دەدا جگە لەئەرکی تایبەتی خۆیان، بۆیە پیاوانیش پەنایان دەبرد بۆ ئەم پرۆسەیە کە ئەمیش لەئەنجامدا کۆمەڵێك موعاناتی جۆراوجۆر لەخۆیدا بەرجەستە دەکرد، بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ ئێستا ئەوا بەشێوەیەکی روون‌و ئاشکرا هۆکارە ئیجابی‌و سلبیەکانی ئەم پرۆسەیەمان بۆ دەردەکەوێت، هەندێکیان بۆ ئەنجامی خراپی هەڵوێستی کچەکەی دەگێڕنەوە کە بێدەنگە لەئاست داواکاری پیاوێکەوە کە ژنی تری هەیە، زۆر کەسیش ژێدەرەکەی بۆ زۆربوونی ڕێژەی کچان دەگەڕێننەوە لەکوردستاندا لەگەڵ ئەوەشدا ساڵ دوای ساڵ ڕێژەی کوڕان لەهەرێمی کوردستاندا روو لەکەمبوون دەکات بەهۆی کۆچی بەردەوامی لاوانەوە بۆ دەرەوەی وڵات لەولاشەوە حکومەت هیچ پرۆژەیەکی یاسایەکی نیە تایبەت بەچارەسەرکردنی دیاردەی کۆچی لاوان ئەمەش نیشانەی زوعفیەتی حکومەتو دەسەڵاتدارانە کە کەمترین هەوڵ بەکارناهێنن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم کێشە گەورەیەی کە بەشێوەیەکی فراوان سەرجەمی ناوچەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەگەر پەرلەمان هەستێ بەقەدەغەکردنی ئەم دیاردەیەو لەهۆکارەکانی کۆچ کردنی لاوان بکۆڵێتەوە بەو شێوە فرەییە، لەدانانی سنورێکداو دابینکردنی ویستەکانیان گەر بچوکترینیشیان بێت، ئەوا هیچ نەبێت (٢٠%) ئەم دیاردەی فرە ژنیە رووی لەکەمبوونەوە دەکرد، بەڵام پەرلەمان دێت دادەنیشێت یاسایەك دادەنێتو ئەینوسێت بۆ قەدەغەکردنی دیاردەی فرە ژنی لەهەرێمی کوردستانداو سەیردەکەیت لەولاوەش بێدەنگە لەبەردەم دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ چارەکردنی کێشەی کۆچ کردن کە زۆربەی زۆری ئەو گەنجانە کاتێك دەڕۆنە دەرەوە دەزگیراندارن، بەڵام ئەگەر چووە دەرەوە ئەوا دەست لەکچەکە هەڵدەگرێتو واز لەدەستگیرانەکەی دەهێنێت، کچەکەش لەم ساتەدا ئیحتیمالی هەیە زۆربەی زۆری ئەو جۆرە کچانە تووشی نەخۆشی دەرونی بن کە بەو چەشنە لەلایەن کوڕانەوە وەك گاڵتە (گاڵتەیان پێدەکرێت) ئەمەش وای کردووە ڕێژەی کچان زۆربێت لەبەرامبەر ئەو ڕێژەکەمەی کوڕاندا لەسنوری ناوخۆدا، دیاردەی فرە ژنیش گەر بەشێوەیەکی داخراویش بێت واتە بەنهێنی ئەنجام بدرێت ئەوا پیاوان پێم وابێت گوێ بەیاساو پەرلەمانو مافی ژن نادات، چونکە تەنها پیاو کاتێك بەو چەشنە ژنی زۆربێت واتە زیاتر لەدوان ئەوا پێی وایە کە بەڕێزو بەشکۆیە لای چاوی دەوروبەرو خۆی گەورەتر دەبینێت بەو مانایەی کە من هێندە بەڕێزو مەزنم ژنێك ناتوانێت بەویستەکانو ئارەزووەکانم رابگات، ئەمانەو جگە لەو نەخۆشیانەی کە ژنان وا لێدەکات هەست بەتەنیایی بکات لەئەنجامی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر تەمەنیدا دێت کە پیاو شارەزانیە لەو گۆڕانانە کە لەساڵەکانی (٣٠-٤٠-٥٠-٦٠) دا بەسەر ئافرەتدا دێت، ئەمەش وا لەپیاوەکە دەکات هەوڵی هێنانی ژنی دووەم بدات بەمەرجێکیش کە تازە پێگەیشتوو و منالّ بێت، وە زۆربەی ئەوانەش کە هەوڵی هێنانی ژن دەدەن بەسەر ژنی یەکەم‌و دووەمدا یا ئاغان یا بەرپرسێکی دەوڵەت‌و شێخ‌و مەسئولەکانیشن کە زیاتر ئەو جۆرە ژنانە دەهێنن کە گەنج‌و لەسەرەتای تەمەنی پێگەیشتنیدا بن نەك ئەو کچانەی کە لەتەمەنێکی قەیرەییدان، کەوایە کێ چارەی ئەم دیاردەیە دەکات، وە تا ئێستاش نەبینراوەو نەبیستراوە کە یاسایەکی توند بەکاربهێنرێ‌و بخرێتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە وە لەلایەن دەسەڵاتدارانیشەوە داکۆکی لەمافەکانی ژنان ناکرێت بەوە نیە کە جارێك لەجاران بەسەر شان‌و شکۆو ئازایەکی‌و مافی ئافرەت هەڵئەدەن ئەویش تەنها لەمیدیاکان‌و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، دواتر وەك ئەوەی هیچ نەوترابێت خۆیان بەدور دەگرن‌و حاشا دەکەن لەوەی کە وتویانە بەمەرجێك لەبەرژەوەندییاندا نەبێت.

## بڕوانامەی بەرز و عەقلیەتی دوواکەوتو

هاوڕێ ئەحمەد

*سەیرە دڵمان بەچی خۆش بێت لەم ولاتە کە هەنگاوەکانی ئاوەژوبونەتەوەو بەرو ئاقارێك ئەڕۆین کە خۆمان سەر لە خۆمان دەرناکەین بۆ کوێ ئەچین و چی ئەکەین، هەندێك جار مرۆڤ ئەگاتە ئەوسنورەی کەبڕوای بە هیچ نەمێنێ یاخود وامان لێبێت سەرنج بدەینە سەر هەمو ئەو هەڵسوکەوتەڕۆژانەیەی کە دوور یا نزیك ئەیبینین یا درکی پێ ئەکەین کە بەداخەوە هەندێك لەورەفتارە قێزەونانە وات لێ ئەکات کە خۆشت بڕوا بە بخۆت نەکەیت و تەنها بیر لە بەرژەوەندی خۆت بکەیتەوەو بەدیوێکی تریشدا کۆمەڵگا بەرەو کام هەڵدێر ئەروات با بڕوات .

ئەوەی لەم بابەتەدا ئەمەوێ تیشکی بخەمەسەر چەندسەرنجێکە لەسەر بڕوانامەی گەورەو بیرکردنەوەی تەسك کە بەداخەوە ئێمەی پیاو لە کۆڕوو مەجلیسەکانا داکۆکی کارێکی بەهێزو بەتوانای گۆران و پێشوەچونین کەچی لە بازنەی خێزانەکانمانا لەمپەرێکی گەورە ئەو بوارەین، لەم ماوەیەی پێشو هاورێیەکم ژیانی هاوسەری پێك هێنا کە خۆی خوێندکاری زانکۆیەو کچەکەش بەهەمان شێوە بەڵام ئەوەی سەیر بو ئەوە بو کە مارە بڕینەکە لەماڵی کچەکە بوو بە دابو نەریتێکی زۆر کۆن و ناسەردەمیانە کە پرسیارم کرد وتیان باوکی کچەکە رازی نەبوە ئاهەنگی بۆ ڕێك بخرێت چونکە وتویەتی ئێمی عەشایرین و گران لەسەرمان ئەکەوێت ؟ لەوە سەیرتر دایك و باوکی کچەکە مامۆستای زانکۆن و سەمەرەتر مەلای مارەبڕ مامۆستای زانکۆ شاهیدەکانیش ٢ دکتۆری بەناوبانگ و مامۆستای زانکۆ ، بەرای من ئەو مەراسیمە لەناو یەکێك لە هۆڵەکانی زانکۆ بکرایە ئەبو بە نەریتێکی جوان و سەردەمیانە نەك ئەم هەمو بڕوانامە بەرزەو کۆری دابونەریتە کۆنەکان .

ئەوە حیکایەتێك و نوکتەیەك کە پێی پێ بکەنین ئەوە مەرگەساتێکە و وامان لێ ئەمات شەرم بمانگرێت و ئارەزوی خوێندن و بڕوانامە نەکەین بڕوانامە تەنها بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان بەدەست بێنین ئاخر لەماڵێکدا ئەم هەمو بڕوانامەیە هەبێت ئەبێت ئەمەش رەفتار و هەڵسو کەوت بێت ئەی کە مامۆستایانی زانکۆ ئەوە بیرکردنەوەیان بێت ئەوانەی لەژێردەستیان بڕوانامە وەرئەگرن چی یان لێ دەر ئەچێت ، هەموشمان ئەو راستیە ئەزانین کە ئەچینە زانکۆکانی کوردستان تەنها لە نمایشگایەکی جلوبەرگ و میکیاژ ئەچێت ئەی ئەو بیرکردنەوەیەتان لەچی لەترسی خێزانە عەشایرەکەتاندا نەوێرن ئاهەنگ بۆ کچەکەتان رێك بخرێت، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوا ئایا ئەوبەرێزانی خاوەنی بڕوانامەی بەرزن نابێت کەمێك قوربانی بەخۆیان بدەن و لەم بازنە داخراوە بێنەدەرەوە ئەی کەی چاوەروانیان بین ببنە مینبەرێك بۆ پێشەوەچون و رۆلەکانیشمان رابێنن و تێیان بگەیەنن لەجیهانا جیاوازی رەگەزی بۆتە دیوارێکی بێ هێزو لەرزۆك کەی ئێمەی کوردیش فێر ئەبین نەفرەت لە تاریکی و کۆنەپەرستی بکەین. ئەوکاتەی رۆشن بیر و خوێندەوار و سیاسەتمەدارەکانمان ئەبنە بەشێك لە بڕیاری سەپێنراو ئەوکاتە وڵات ئەبێتە دۆزەخێکی خنکێنەر و ئاگرەکەشی تەنها گەنج ئەسوتێنێ.

# زۆربوونی ڕێژەی دەرۆزەکەری ژن لەنێو بازاڕدا

هەستیار غەمگین



سواڵکردن کردەیەکە مرۆڤەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕە پارەیەك یان خواردنێك لەکەسانی تری داوا دەکەن‌و دەخوازن، لەگەڵ ئەوەی کەسی دەرۆزەکەر سیماو ئەدگاری خۆی ئەباتە ئەوپەڕی حەزینی‌و داماویەوە تاوەکو ویژدانی کەسی بەرامبەر بوروژێنێ کە داواکەی ئاڕاستە کراوە.

ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا چەندین هەوڵ دراوە بۆ بنبڕکردن‌و لەریشەهەڵکێشانی، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە نەگەیشتوە بەئاکام، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە سواڵ دەکەن ئێستا فێربوون کە چەندین شێوازی جیاجیا بگرنە بەر کە خەڵکیکی کەم نەبێت کەس نەزانێ کە ئەوان دەرۆزە کەرن.

ئەگەرچی لەرابردووی وڵاتی ئێمەدا ئەو دیاردەی دەرۆزەکردنە زیاتر کەسە بەساڵاچوەکان پێی هەڵدەسان‌و لەناو ئەوانیشدا پیاوان بوون، واتای بەدەگمەن ژنێکت دەبینی سواڵ بکات.

بەڵام ئەمڕۆ ئەو حاڵەتە پێچەوانە بۆتەوەو ڕێژەی ژنان لەو بوارەدا زۆر بەزەقی بەدیدەکرێ‌و لەنێویشیاندا ژنانی گەنج‌و خاوەن منداڵ.

لەزۆرینەی وڵاتانی جیهاندا دیاردەی دەرۆزەکردن زیاتر بەساڵاچوەکان پێی هەڵدەستن‌و بەدەگمەن گەنجێك دەبینی دەست لەخەڵکی تر پان بکاتەوە بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکی پێبدەن ئەگەر هەشبێت ناوازەیە.

بەڵام ئەمڕۆ ئەو حاڵەتە پێچەوانە بۆ تەوەو ڕێژەی ژنان لەو بوارەدا زۆر بەزەقی بەدیدەکرێ‌و لەنێویشیاندا ژنان گەنج‌و خاوەن منداڵ.

لەزۆرینەی وڵاتانی جیهاندا دیاردەی دەرۆزەکردن زیاتر بەساڵاچوەکان پێی هەڵدەستن‌و بەدەگمەن گەنجێك دەبینی دەست لەخەڵکی تر پان بکاتەوە بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکی پێبدەن ئەگەر هەشبێت ناوازەیە.

بەڵام ئەمڕۆ لەوڵاتی خۆماندا بەتایبەتی کوردستان بەرێژەیەکی زۆر دەرۆزەکەر بەدیدەکرێ لەناو ئەوانیشدا ڕێژەی ژنانی گەنج‌و خاوەن منالّی ساوا، لەگەڵ قەرەباڵغیەکاندا دەگەڕێن‌و بەتایبەتی لای مزگەوتەکان لەکاتی بانگەکاندا کە ڕێژەیەکی زۆر پیاوان لەو کاتەدا دەچنە مزگەوتەوە بەنیازی نوێژکردن.

ئەوە جێگای سەرسوڕمانە کە لەوڵاتێکی وەکو عێراق کە دەوڵەمەندە بەسامانە سروشتیەکانی وەکو (نەوت) کەچی ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی هەژارن‌و بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن‌و زۆرێکیش لەوانە دەستیان داوەتە سواڵکردن.

ئەوەی ئەمڕۆ لەنێو بازاڕەکاندا دەیبینین‌و روبەڕووی دەبینەوە دیاردەی دەرۆزەکردنە کە لەو نێوەندەشدا ژنانی گەنج پشکی شێریان بەرکەوتووە، ڕۆژێکیان ئافرەتێکی گەنج کە زۆریش جوان بوو عەبایەکی بەسەرەوە بوو، لەشەقامی مەولەوی هاتە بەردەمم‌و توند هەردوو قۆڵمی گرت‌و داوای پارەو کۆمەکی لێدەکردم منیش وتم: باشە تۆ قۆڵم بەردە ئەوجا چی دەڵێی باشە، وتی "نا تاکو پارەم نەدەیتێ قۆڵت بەرنادەم، منیش ناچاربوم بڕە پارەیەکی بدەمێ، تاکو لەوێزەم بێتەوە، بەڵام هێندە لەمن رەت نەبوو کە هەمان رەفتاری لەبەرانبەری پیاوێکی تردا نواندن، بەڵام ئەم دەستی خستە سەرشانی‌و لەگەڵ خۆیدا بردی، ئیدی خوا پێم نەگرێ نەم زانی بۆ کوێی برد.

بەڵام خۆ دیاربوو ئافرەتێك لەو جوانیەدا غەیری بردنی بۆ مەبەستێکی تایبەتی چاوەڕێی چیدی لێدەکرێ؟!

دیارە بەدەیان نمونەی لەم جۆرە بونی هەیەو دەکرێت ، بەری پێبگیرێت ، ئیش کردنیش بۆتەشەنە نەکردنی ئەرکی حکومەتە بەپلەی یەکەم‌و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەگشتی‌و ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی لەبەر ئەوەی من لەیەکێ لەو ژنە گەنجانەم پرسی بۆچی تۆ بەو گەنجیەی خۆتەوە سواڵ دەکەی؟ ئەویش وتی "نەداری‌و نەبوونی وایلێکردوم کە ئەم کارە بکەم ئەگەر نا هەرگیز شتی وا ناکەم، زۆرجار لەلایەن پیاوانەوە پێشنیاری کاری خراپیشمان لێدەکرێ، ئەگەر کەسێك بەتەنگ ئەخلاق‌و کەسایەتیەوە نەبێت فریوی ئەو جۆرە پیاوانە دەخوات‌و توشی تاوان‌و سوکایەتی بەخۆی دەبێتەوە.